
THE MOST CONTROVERSIAL MOVIE IN DECADES
EveningStar ★★★★★
Time Out New York ★★★★★
The Telegraph ★★★★★
theguardian ★★★★★
access hollywood
SCOTT MANTZ
"BRILLIANT! A MIND BLOWING MASTERPIECE!"
Los Angeles Times
JUSTIN CHANG
"DARKLY EXHILARATING."
The New York Times
A.O. SCOTT
"ARONOFSKY SHOWS IN 'MOTHER' THAT HE IS A VIRTUOSO OF MOOD AND TIMING"
Time Out New York
JOSHUA ROTHKOPF
"THE MOST SUBVERSIVE STUDIO FILM IN DECADES"
TheObserver
REX REED
"A CIRCUS OF GROTESQUE DEBAUCHERY."
GQ
SCOTT MASLOW
"SOME PEOPLE ARE GOING TO F@#ING HATE THIS MOVIE"
THE WALL STREET JOURNAL
JOHN ANDERSON
"COMPLETELY OFF THE RAILS."
THE NEW YORKER
ANTHONY LANE
"THIS MOVIE IS INSANE."
BuzzFeed
ALISON WILLMORE
"UNCOMPROMISINGLY HORRIFIC"
a film by
darren aronofsky
mother!
#mothermovie

ئەم فیلمە دایک (Mother)، باس لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگـە دەکات، لە دەمێکدا جۆری ئەم مژارانە ڕۆژانە بۆ زۆربەی دایکەکان دێتە پێشێ. نووسین و بەرهەمهێنانی ئـەم فیلمـە لەلایـان (داریـن ئەرنۆڤسکی)یەوە بەرهەمهێنراوە. پێشووتر، دارین کاری لەسـەر فیلمی (نووح)یـش کردبوو، کە بە شێوەیەکی باش لە سینەماکان بڵاو بوویەوە.

## فیلمی دایک:

باس لە خانوویەک دەکات لە شونێکی نادیار. لەم خانووەدا، دوو ئەکتەر ڕۆڵ دەگێڕن، بەناوەکانی (خافیـر باردەم و جۆنیفەر لۆرانس). ئەم دووانە دەیانەوێت لەم شـوێنە ژیانێکی عاشـقانە بەسەر ببەن.

فیلمەکە باسی ژنێک دەکات، دەیەوێت بەهەشتێک دروسـت بـکات بـۆ دروسـتکردنی دیوارەکانـی زەحمەت بکێشـێت و لەگـەڵ مێردەکەی ژیانێکی ئارام بژێن.

# دایک

حوسێن. ن

وا دەردەکەوێت دەرهێنەری ئەم فیلمە کەسێکی زۆر سەرشێت بوو بێت، کە توانیویەتی ئەم فیلمە جوانە بەرهەم بهێنێت، لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە دەتوانین هێزی سینەما پێشانی خەڵک بدەین. ئەم فیلمە بۆ یەکجار تەماشاکردن دەرنەهێنراوە! بەڵکو دەبێت چەند جار سەیر بکرێت، تا پارچەکانی فیلم بە شێوەیەکی جوانتر بەدیار بکەون. هەروەها نووسەرەکە پێدەچێت پێشتر هاوسەرگریی کردبێت، بەڵام هاوسەرەکەی مردووە، بۆیە ناتوانێت بە ئاسانیی بنووسێت، ئێستا ئەو ژنێکی تری هەیە، بۆ ئەوەی نووسەرەکە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی پێویستی بە کاتە، بەڵام ئەم ڕەفتارانەی وای لە جۆنیفەرکردووە، کە هەستێکی غەمناکی هەبێت، ئەمەش بۆ ژنی ناوماڵ زۆر سەخت و دژوارە.

لێرەدا خافێر باردەم، کە مێردی ژنەکەیە، کەسێکی بەناوبانگ و شاعیرە، خۆشەویستە لەلایەن خەڵکەوە، بەڵام تووشی لەبیرچوونەوە (زەهایمەر) دەبێت، لەم بەینەدا پزیشکێکی نەخۆش لە دەرگە دەدات! ئەوانیش پێشوازیی لێدەکەن، بەڵام ژنی نووسەرەکە خۆشحاڵ نییە بە بینینی کەسە نەناسراوەکە. مێردەکەی پێی دەڵێت: کە ئەم پزیشکە نەخۆشە بەمزووانە دەمرێت، بۆیە دەیەوێت دوایین ساتەکانی ژیانی لەلای من بەسەر ببات.

دوای ماوەیەک هاوسەری پزیشکە نەخۆشەکە و دوو لە کوڕەکانی بەدوای باوکیاندا دێن، کاتێک هەردوو کوڕەکان شەڕ دەکەن و یەکێکیان لە هۆش خۆی دەچێت، لەو کاتەی دەیبەن بۆ بیمارستان. تا دەیبەن بۆ بیمارستان کوڕەکە دەمرێت.

ژنەکە بە تەنیا لە ماڵ بەجێدەهێڵن، کەمکەم دەوروبەری خانووەکە ئاگری گرتووە.

دەرهێنەر ئەم ئاگرەی وەک نیشانەیەکی نەفرینکراو وەدەردەخات، دوای کوشتنی برایەکەی خۆی لەسەر زەویی دەکەوێت و پاک نابێتەوە، ئەمە نیشانەی یەکەم هەڵەی مروڤ بوو، وەک: (قابیل و هابیل) ئەمانە ئاماژەی دایکێکی تەواو پاکانە و ڕووحسووکە، ئەو خوێنەی کە لەسەر زەوی ڕژاوە، دەتوانین بە شێوەیەکی تریش

بیبینین، ئەو شێوەیەش سووری مانگانەی ژنانە.

دوای تەواوبوونی مەراسیمی بەخاکسپاردنی کوڕەکەیان، هەموو میوانەکان دەگەڕێنەوە نێو خانووەکە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک مردووەکە لە بیر دەکەن و دەستدەکەن بە ئاهەنگگێران. ئەم ڕووداوانە فشارێکی زۆر بۆ ژنی نووسەرەکە دێنن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک، کەس گوێ بۆ پەیڤەکانی ناگرێت، بە تایبەت مێردەکەی.

پاش چوونەدەرەوەی میوانەکان، ژنەکە داوای سێکس لەگەڵ مێردەکەی دەکات، بەیانیی، کە هەڵدەستنەوە ژنەکە دەڵێت: کە دووگیانە. مێردەکەی بە خۆشحاڵییەوە دەچێت خامە و کاغەزێک دەردەهێنێت و ئەوەی لە مێشکیدا هەبوو دەنووسێت، پاش چەند ڕۆژێک هەموو کۆپییەکانی کتێبەکەی دەفرۆشرێن و ئەمەش وایکرد خەڵکێکی زۆر سەردانی ماڵی بکەن.

ئارنۆڤسکی، لێرە هاوار دەکات و پێمان دەڵێت: هەندێک شت هەن، کە نانووسرێنەوە، بۆیە ئەو هەڵستاوە لە ڕێگەی سینەماوە ئەو شتانەمان پێشچاو بخات، ئەو گڵۆپ (چرا)یەی، کە بە خوێن سووربووە، ئەمە کاتێ (جۆنیفەر) ئەو چرایە دادەگیرسێنێت، ئەوا دەتەقێتەوە و نیشانەیەکی بۆ بەجێدەهێڵێت، کاتێک بەدوای نیشانەکەدا دەڕوات، دەگات بە نەوت.

بە ڕای من، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی جیهان، کە زۆربەی وڵاتان شەڕی لەسەر دەکەن و جەنگ بەرەو ڕووی ئێمە دێت، ئەم نووسەرە ماڵەکەی ببووە شوێنێکی پیرۆز، تا وایلێهات خەڵک هەموو خانووەکە بە تالان دەبەن، ئەو نووسەرە، کە هیچ ئاگای لە ماڵەکەی و ژنەکەی نییە، لەبەر ئەوەی هەستی لەخۆباییبوونی هەیە، کە لەو کاتەدا منداڵەکە لە دایک دەبێت، تا دەهات خەڵکەکە زیاتر دەبوون، لەناکاو دەبێتە شەڕ، ئەم شەڕە زۆر گەورە دەبێت، تا دەبێتە جەنگی جیهانیی، بەڵام سەیر ئەوەیە کاتێک منداڵەکە لەدایک دەبێت، خەڵکەکە دەست دەکەن بە پەرستنی و ستایشی منداڵەکە دەکەن، چونکە منداڵی کەسێکی نووسەرە و خەڵک بە چاوێکی پیرۆز سەیری دەکەن، لەوکاتەدا منداڵەکە لەناو دەستیان

دەمرێت و ئەوان دەیخۆن.

کاتێک منداڵەکە لەناو دەچێت، هەموویان جلوبەرگی ڕەش دەپۆشن و کۆڕسی داد و فیگان دەبەستن، تا ئەوەی دایکی وەک شێتی لێدێت. سەرەتا میوانێکی زۆر دێن بۆماڵی ئەم دووانە، تا وایلێدێت دایکەکە بێزاریی باڵی بەسەردا دەکێشێت.

پۆستەری فیلمەکە، پێدەچێت زۆر لە بینەران فریوی پۆستەری ئەم فیلمەیان خواردبێت، چونکە ئەم فیلمە زۆر ترسناک (Horror) و شەیتانیی (Satanic) بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر دەرهێنەرەکە، کە توانیویەتی بینەرەکان فریو بدات.

لەناوبردنی ئەو منداڵە مانەیەکی تر بە بینەر دەبەخشێت، ئەویش ئەوەیە، کە هەندێک کەس هەن منداڵەکانیان لەناو دەبەن، هەندێکیان پێش لەدایکبوون، هەندێکیشیان پاش لەدایکبوون. دواتر دایکەکە دەچێتە ژێرزەمین و ئاگر لە تەواوی خانووەکە بەردەدات و خۆی دەسووتێنێت. وەک ئەو ژنەی، کە لە سەرەتای فیلمەکەدا دیار بوو، ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکان، کە زۆر لە دایکان خۆیان دەسووتێنن.

ئەو دیمەنانە پێکەنیناویی و وەک گریانی درۆ لە ناو فیلمەکە بە دیار دەکەوێت، واتە ئێمە لە ژیان، نە گرینگی بە شتە ڕاستییەکان دەدەین، نە گرینگی بە شتە درۆیینەکان دەدەین. بەڵام ئەو پارچە شووشەیەی، کە وەک ئەڵماس بوو، ئەو چی؟ ئەو لەلایان هاوسەرە پێشوەکەی بۆی بە جێماوە، بۆیە ناهێڵێت کەس دەستی لێبدات.

ئەمە لە ڕاستیدا ئیلهامدارە، با زۆر دوور نەچین، واتە (خودا)، کە لە ژوورێک دانراوە، بۆ ئەوەی هەموو کەس دەستی نەگات بەم شتە پیرۆزە، بەڵام لەناکاو پزیشکە نەخۆشەکە لەگەڵ ژنەکەی دەچن بۆ ئەو ژوورە و دەست لەو پارچە شووشەیە دەدەن و دەشکێت.

دیمەنی ئەم فیلمە، وەک هەڵەی ئادەم و حەوا سەیر دەکەین، لە کۆتایی فیلمەکە، ژنێکی تر شوێنی جۆنیفەر دەگرێتەوە، ئەمەش واتە دوای تەواوبوونی ژیان، دیسان مرۆڤایەتیی دەست پێدەکاتەوە. وەک پێشتر، کە لەناوچوو بوو.

ئەم دەرهێنەرە زیاتر لەم بوارەدا کاردەکات، کە باسمان کرد. هەروەها خەڵاتی (ئۆسکار)ی وەرگرتووە، وەک چۆن لە فیلمی (نووح ٢٠١٤)دا دیارە. فیلمی نووح لە سینەمادا ڕێژەی (٨, ١) ی لەIMDB هێنابوو، بەڵام لەبەر ناڕازیبوونی هەندێک لە وڵاتە مسووڵمانەکان، ئەم ڕێژەیە کەمی کرد بۆ (٦, ١).

لەم فیلمەدا، دەرهێنەر دەیەوێت پێشبینیی ئەوە بکات؛ کە ژیان بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەدەستی خودی مرۆڤایەتیی.

**سەرچاوەی فیلم:**

https://123movies.fun/film/mother-22143/